مەکتەبی سیاسی یەکێتی: هەرش بەسەر هەولێر نارەوایە

مەکتەبی سیاسی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان ئیدانەی هەرشە موشەکییەکەی سەر هەولێر دەکات و ئەو جۆرە هەرشانە بە ناڕەوای ناودەبات و رایدەگەیەنێت: "هەر کۆشێکی سیاسی- ئەمنی هەستیار لە نێوان وڵاتە دراوسێکاندا بەم شێوەیە تاکلایەنە و لە دژی تێگەیشتنی سیاسیی و ئەمنی هاوبەش، چارەسەر نابن و تەنها ئاڵۆزی و ژینگەی پەیوەندییە ئیقلیمییەکان تەکدەدەن".

دەقی راگەیەندراوەکە.....

هەرش بە سەر هەولێری پایتەختی هەرێمی کوردستان ناڕەوایە و سەرکۆنەی بە ئامانجگرتنی خێزانی سیڤیل دەکەین. پێلاماردانی شوێنی ئاوەدانی هێشی جیدین بە سەر سەروەری عێراق و ژیانی هاوڵاتیانی

هەرەمی کوردستان کە هەرەمکی دانپیانراوە لە چوارچێوەی دەوڵەتی عیراقدا.

ئەم وەکو یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان پەمان وایە هەر کێشەیکی سیاسی-ئەمنی هەستیار لە نێوان وەاتە دراوسکاندا بەم شێوەیە تاکلایەنە و لە دەرەوەی تێگەیشتنی سیاسیی و ئەمنی هاوبەش، چارەسەر نابن و تەنها ئاڵۆزی و ژینگەی پەیوەندییە ئیقلیمییەکان تێکدەدەن کە سەرەنجام گەلانی عیراق نرخەکەی دەدەن.

لەرەوە سەرەخێشی خەمان ئاراستەی کەسوکاری شەهیدان بەتایبەتی خانەوادەی شەهید پێشەوا دزەیی دەکەین وهیوای زوو چاکبوونەوە بە بریندارەکان دەخوازین.

ئەرکی سەرشانی حکومەتی فیدرالییە کە پێکهاتەیکی ئیئتلافییە و پشتیوانی هەموو هێزە سیاسییەکانی هەیە، هەوڵکانی چڕتر بکاتەوە بە داکۆکی لەسەر سەروەری وەات و ئاسایشی هاوەاتیان و بکردەوە یەکێتیی ریزەکانی گەلی عیراق دووپات بکاتەوە و هێیبەتی نودەوڵەتی وەاتەکە بپارێزێت.

پەیوستە دامەزراوە رەسمییەکان هەرەم و پارتە سیاسیەکانیش بەهەماهەنگی لەگەڵ حکومەتی عیراق رۆڵی زیاتر بگێڕن لە چارەسەرکردنی کێشە هەڕەسهێنەرەکان و پاراستنی هاووەاتیان و بەرژەوەندی هەرەمی کوردستان.

ڕەحمی شەهیدان شاد بێت

ئارامی و سەربەرزی بۆ خاک و خاکی هەولێری پایتەختی کوردستان.